
# HashTag
# چییە




ئاسۆ وەهاب

الشبكة العراقية للإعلام المجتمعي
العراقيون يدونون من أجل الإنسان

INSM
IRAQI NETWORK FOR SOCIAL MEDIA

# Cyber Kurds

kurdish internet security team

cyberkurds.blogspot.com



aso.wahan

@asowahan

asowahan

asowahan

asowahan.blogspot.com

CC BY

open source

## هاشتاگ # چییە ؟

سەرەتا ئەگەر یەکێکیت لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر Twitter (یەکێکە لە بەناوبانگترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) ئەوا نێوەی ڕێگەکەت بڕیوە هاشتاگ Hashtag هەموو وشەیەکە کە لە دوای نیشانەی # (هاش) ـەوە دێت (دەگرتنی دوگمەکانی (Shift+3)، بەو مەرجەی هیچ بۆشاییەك لە نێوان نیشانەکەو وشەکە نەبێت بۆ نموونە #کورد #کوردستان .

ئامانج لە هاشتاگ، کۆکردنەوەی هەموو ئەو پۆستانەیە (بڵاوکراوانەیە) کە لەبارەی (هەواڵێك، ڕووداوێك، بۆنەیەك...هتد) دەکرێت لە لایەن خەڵکەوە، هەمووی پۆلێن دەکات و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەمووی بۆت لە یەك لاپەرە کۆدەکاتەوە ئیدی بڵاوکەرەوەکانی لە هەر کۆیەکی دونیا بن .

## بیرۆکەی هاشتاگ :

دەرکەوتنی هاشتاگ لەگەڵ گەشەی ئەنتەرنت و پەرەسەندنی لە ڤێرژنی web 1.0 وە بۆ web 2.0 یە ، بیرۆکەی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣ی ئۆگستی ٢٠٠٧ کاتێك کریس مسینا، دامەزرێنەری دیداری BarCampو ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی OpenWeb و کۆمپانیای گۆگڵ بەکاری هێنا . لەو ڕۆژە بە دواوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بۆ دروستکردنی خوارزمی هاشتاگ کردوو سەرەتا گوگڵ پلاسو خزمەتگوزارییەکانی تری گوگڵ و تویتەر بەکاریانهێنا پاشان فەیسبوگ و ئینستگرام و لە ئەمڕۆدا زۆربەی تۆڕو بەرنامەکان هاشتاگ بەکار دەهێنن .

## ئامانج لە هاشتاك :

کۆکردنەوەو پۆلێنکردن و ڕێکخستن و ون نەبوونی زانیارییەکانە لەبارەی (هەواڵێك، ڕووداوێك، بۆنەیەك...هتد) .

## سوودەکانی هاشتاگ :

١- بەشداری و یارمەتی ڕێکخستنی زانیارییەکان دەدات .
٢- پۆلێنکردنی زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان لە ژێر ناونیشانەکان کە هەمان تایبەتمەندی و سروشتیان هەیە .
٣- یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە بڕێکی زۆری زانیاری پۆلێن کراو لە کاتێکی کەمدا .
٤- لەکاتی گەڕان بۆ زانیارییەکی دیاریکراو هەمیشە ئەولەوییەت بۆ ئەو وشانەیە کە هاشتاگن.
٥- بەکارهێنانی لەناو پۆستەکانت/بڵاوکراوەکانت دەبێتە هۆی گەیشتنی بە زۆرترین ژمارەی خەڵك .

## سیناریۆیەکی گریمانەیی لەبارەی بەکارهێنانی هاشتاگەوە :

دەمەوێ هەواڵ و زانیاری لەبارەی هەرێمی کوردستان بڵاوبکەمەوە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بنووسم (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بۆ ئەوەی بیکەمە هاشتاگ پێویستە شێوەی نووسینەکە بکەم بە #حکومەتی_هەرێمی_کوردستان

ئیدی هەرکەسێك ئەمە بەم شێوەیەی من نووسیوومە بەکاربهێنێت ئەوا هەموو زانیارییەکان کە لە ژێر هاشتاگی سەرەوە بڵاوکراوەتەوە لە یەك لاپەڕە کۆ دەبێتەوە ئەگەر هاتوو من لە فەیسبوك یان تویتەر یان هەر تۆڕێکی تر کلیك لەسەر هاشتاگەکە بکەم .

کە کلیکم کرد لەسەر هاشتاگەکە لیستێك زانیاری پۆلێنکراو دەردەکەوێت کە لەوانەیە لە کەسانی جیاجیاو لە شوێنی جیاجیاوە بڵاو کرابێتەوە .

## چۆنێتی دروستکردنی هاشتاگ :

هاشتاگ بە نووسینی وشەیەك یان زیاتر (تێبینی هەتا کورت بێت باشترە) یان کورتکراوەیەك لەپاش نیشانەی # بە بیّ هەبوونی بۆشایی لە نێوانیان دروست دەکرێت .

وشەکان دەشێت ناوی شوێن وەك (کوردستان–گەرمیان–کەلار–کفری) یان هەستێك (خۆشەویستی–ئازار) یان دیاردەیەك (با–باران–گەرما) هتد بن .

باشترینەکان ئەو هاشتاگەیە کە کورت و سەرنجڕاکێشەو وا لەوانی تر دەکات بەکاری بهێنن .

* ئەگەر ویستمان یەك وشە بکەینە هاشتاگ ئەوا بەم شێوەیە دەینووسین :

#خۆشمدەوێی

#کورد

#کوردستان

* ئەگەر ویستمان دوو وشە بکەینە هاشتاگ ئەوا بەم شێوەیە دەینووسین

#هەرێمی_کوردستان

#من_دەخوێنمەوە

**تێبینی : لە نێوان هەردوو وشەکە دوگمەکانی (-+Shift)دادەگریت .**

## پۆستێکی نموونەیی :

**ئەمشەو #لافاو شارەکانی #کەلار #کفری لە #گەرمیان #هەرێمی_کوردستان #عێراق گرتەوەو زیانی نەبوو**

## هاشتاگ و تایبەتمەندێتی :

**ئەم بەشیان گرنگە بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لە پاراستنی تایبەتمەندێتییە، بۆیە تا بتوانین بە شێوەیەکی ئاسان بیخەینەڕوو تا هەمووان لێی تێبگەن .**

*** هاشتاگ لەسەر ئاکانتی تایبەتیت و گروپەکان و لاپەڕەکان و لەناو کۆمێنت کاری خۆی دەکات .**

*** ئەگەر پۆستێکت کردو تایبەتمەندێتی بینینی پۆستەکەت گۆڕی بۆ بینینی لە لایەن (تەنها هاوڕێیانەوە) ئەوا پۆستەکەت لە ریزبەندی و پۆلێنی هاشتاگ دەردەکەوێت بەڵام تەنها هاوڕێکانت دەیبینن . بۆ ئەوەی هەمووان ببینن پێویستە تایبەتمەندێتی پۆستەکە بگۆڕیت بۆ بنینی لە لایەن هەموو کەسێکەوە.**

*** ئەگەر هاوڕێیەکت هاشتاگی لە کۆمێنتدا بەکار هێناو تایبەتمەندێتی بینینی پۆستەکە بۆ (تەنها هاوڕێیان) بوو، ئەوا پۆستەکەت لە ریزبەندی و پۆلێنی هاشتاگ دەرناکەوێت و تەنها هاوڕێیاننت دەیبینن .**

*** ئەو کۆمێنتانەی هاشتاگی تێدایە قەت لە ریزبەندی و پۆلێنی هاشتاگ دەرناکەون .**

***بە کورتی تایبەتمەندێتی بڵاوکردنەوە دەستنیشانی دەرکەوتنی پۆستەکەت دەکات لە لاپەڕەی ریزبەندی و پۆلێنی هاشتاگ دا .**

## وریا بە ؟

**هاشتاگ دەبێت یەك وشە بێت بەو مانەیەی ئەگەر چەند وشەیەکیش بێت لە ڕێگەی نیشانەی _ دەبنە یەك وشە واتا #زانستی_کۆمپیوتەر هاشتاگێکی تەواوە بەڵام #زانستی کۆمپیوتەر تەنها وشەی زانستی هاشتاگە .**

## تاکتیکی زریانە پۆست یان تویت چییە ؟

**چالاکوانان لە هەموو دونیا زریانە پۆست لە سەر فەیسبوك یان زریانە تویت لە سەر تویتەر وەك تاکتیکێك کاریگەر بەکار دەهێنن لەبارەی ئەو ڕووداو، کارەسات، دیاردە، کامپینەی لەسەری کار دەکەن .**
**سەرەتا هاشتاگێك دادەنێن و ڕێکەوت و کاتژمێرێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەن تا لە کات و بە بەکارهێنانی هاشتاگی دیاریکراو پۆست لەسەر فەیسبوك یان تویتەر بکەن، کەڵەکە بوونی ئەو هەموو پۆستە لە کاتی بڵاوکردنەوە دەبێتە جێگەی سەرنج و هەمووان لەسەر هەمان هاشتاگ پۆست/تویت دەکەن ئەمە وا دەکات ئەگەر ژمارەی پۆستەکە زۆر بێت هاشتاگەکە ببێت** top tweet .
**بەردەوام بوونی بۆ ماوەیەك دەیکاتە تراند** Trend **لەسەر ئاستی تۆڕەکە . بۆ بینینی ترانده جیهاییەکان سەردانی ئێرە بکە :**
http://www.whatthetrend.com

what is the

# HashTags

Aso Wahab




Kordistan 2016